### خەونێکی ناخۆش،

# ئایا مەشخەڵی «بەهار» کوژاوەتەوە؟



نوسینی :د.محمد غانم الرميحي وەرگێڕانی : فەریق حەبیب

IDEA DEPLOMATIC

ڕەنگە ئەوەی لەم سەردەمەدا ژیاوە بەختی هەبێت، چونکە ڕووداوەکانی واتلێدەکەن شانبەشانی مێژوو بژیت، سەیری جوڵانەوە زیندوەکەی نەک مردوەکەی، لەکتێبگەلێکدا دەکەیت کەدرۆکانی لەراستیەکانی زۆرترن، هەروەها ڕەنگە ئەوەشی لەم سەردەمەدا ژیاوە داماو وکۆست کەوتوبێت، چونکە ئەوەی بەئەقڵ پێشبینیکرا، شتێکی لێ بەرهەم هات کەئەقڵ قبوڵی ناکات، لانی کەم تا ئەم ساتە وەختە هەندێک پێیوایە لەماوەی دوو ساڵدا هەموو شتێک گۆڕدرا، هەندێکی تریش وای بۆ دەچن، هیچ شتێک ڕووینەداوە، گۆڕانکاریی ڕوویداوە کاتێک باس لەدەستگرتن بەدەسەڵات دەکەین، هێشتایش لەسەرویەندی لێکەوتەکانی ڕووداوەکانی دەوروبەرمانو کارلێکەکانیداین کەگەلاڵە دەبن، بۆ ئەوەی بتوانین بەگوێرەی ڕووداوەکانی مێژووی بیانپێوین،

نەک تەنها لەناوچەکەماندا، بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا بەتێڕوانینی من هەر هەوڵێک بۆ پێوانەکردن سەرکەوتونابێت، چونکە هۆکارەکانی جوڵاندن‌و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە زۆر جیاوازییان لەگەڵ ئەوانی پێشوتردا هەیە، ئەمەش یەکەم بەربەرەکانێیە ڕووبەڕووی گفتوگۆکەمان دەبێتەوە لەم وتارەدا، هەندێک پێیانوایە گەمەکەرەکان گۆڕاون، بەڵام ڕێساکانی یارییەکە ڕەنگە پێویستیان بەکات هەبێت تابگۆڕێن، چونکە لەسەر هۆشیارییەکی ڕۆشنبیری ڕاوەستاون کەهێشتا پێدراوەکانی نەگۆڕاوە! لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری عەرەبی تائێستا بیرۆکەی بەئاشتی وەستاو دەستکردنی دەسەڵات یان بەشداریکردنی هەمووانی لەبەڕێکردنی کەشتی وڵاتدا هەرس نەکردوە، بەتایبەتی ئەگەر یەکێک بانگەشەی ئەوە بکات، کەتەنها لەلایەن گەلەوە سەرپشک نەکراوە، بەڵکو لەلایەن خوابیتەوە سەرپشک کراوە.

**ڕەوشێک کەدڵخۆشکەر نییە**

بەکورتی هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکەر لەئارادا نییە، تائێستا لەسەرئەوەی وڵاتانی بەهاری بەعەرەبی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی یان ئاشتەوایی نیشتمانی، یاخود حکومەتێکی پێگەیشتوو یان تەنانەت باشتربوونی بژێوییان تێدا بەرقەراربووە، سەرباری جێگیرنەبوونی دیموکراسی ڕاستەقینە.

گەشبینەکان باس لەقۆناغێکی ڕاگوزەری کاتی‌و کارلێککەلێکی قورس دەکەن، کەلەکۆتاییدا فەزایەکی لەبارتر بۆ عەرەب لەئایندەدا فەراهەم دەکات، کەپێیوایە گەشبینیەکە بەگوێرەی سەرجەم پێدراوەکان تائێستا لەدەرەوەی پێشبینی ئیجابی دەیهێڵێتەوە، نەوەک بەڵگەیەکی مادی لەسەر ئەرزی واقیع کەباوەڕ بەمرۆڤی ئاقڵ بەحەتمیەتی گەشبینیەکە بهێنێت، ئەوانەی ڕەشبینن وای دەبینن ڕۆشنبیرییەکی ستەمگەرانە لەئەقڵی عەرەبیدا جێگیربووە، هەرئەوەشە کەئەوی تر لەوڵاتدا پەراوێز دەخاتو

> کۆی سیستمی عەرەبی لەدۆخی گۆڕاندایە، هەندێک وای بۆ دەڕوانن ئەو وڵاتانەی «بەهاری عەرەبی» نەیگرتبێتەوە، لەمەودوای نایانگرێتەوە، بەهۆی دەرەنجامە سەرەتاییەکانی لەو وڵاتانەی گرتونەتیەوە

لەهەوڵی ئەوەدایە بەتەواوی دەستبەسەر دەسەڵاتدا بگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێیەک سەرەتاکەی لەزیاتر لەپایتەختێک دەرکەوتووە، لەو بارەیەوە لەمیسرو لەتونس و لەلیبیاو لەیەمەن، تەنانەت لەسوریاش نزیکە لەجێگیریی‌و ئارامیەوە، گۆشەنیگاکان لەسەر یەک دۆخ جێگیرنابن، بەڵکو سەیرتر لەهەمووی ئەوەیە هێز گەلێکی ئیقلیمی (وەکو ئێران) هەن کەپشتیوانی گۆڕانکاری دەکەن لەجێگەیەکو لەشوێنێکی تر بەرهەڵستی دەکەن، هەندێکیش هەن باوەڕیانوایە تەواوی مەسەلە وەکو (پیلانێک) یان خەونێکی ناخۆش وایە کەخێرا هەموومان لێی هەڵدەستین.

کۆی سیستمی عەرەبی لەدۆخی گۆڕاندایە، هەندێک وای بۆ دەڕوانن ئەو وڵاتانەی «بەهاری عەرەبی» نەیگرتبێتەوە، لەمەودوای نایانگرێتەوە، بەهۆی دەرەنجامە سەرەتاییەکانی لەو وڵاتانەی گرتونەتیەوە، بەجۆرێک هەندێک لەگەلانی ئەو وڵاتانە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن کەپشتیوانیان لەو گۆڕانەکرد کەهەرگیز پێشنیان نەدەکرد بگاتە ئەو چارەنوسە، ژمارەیەکیش لەشرۆڤەکارانی عەرەب‌و غەیرە عەرەبیش پێیانوایە»شەپۆلی عەرەبی» بەرێوەیەو هەردێت‌و هیچ کەسێکیش لەناوچەی عەرەبی‌و، تەنانەت دەوروبەری ناوچەی عەرەبیش بەدەرنابن لەو شەپۆلە بەهێزە، ناتوانین ڕاستەییەک بەدەستەوە بگرین‌و هۆکاری ئەوەی رویداوەو ڕوودەدات پێ ئاشکرا بکەین، بەڵام دەتوانین بەمتمانەوە بڵێین، (DNA) یان جینە هاوبەشەکانی ئەو ڕووداوانەی ئەم هەموو لێکەوتانەی لێکەوتووەتەوە لەهەموو ئەو وڵاتانەدا لەیەک دەچن، بەڵام بە تێڕوانینی من فراوانبوونی بەخراپی مامەڵەکردن‌و گۆڕینەوەی هاووڵاتیبوون بەرەعیەتیبوون‌و پیادەکردنی ئەوەی پێیدەوترێت دیموکراسی لەسەر شێوازی « ئەوەی دەتەوێت بڵێ، بەڵام من ئەوەی بمەوێت هەر ئەوە دەکەم» و هەر زوو ئەو ڕژێمانەی بوونە میراتگری ڕژێمەکانی پێشوو، هەمان بیرۆکەیان جێبەجێکرد لەهەردوو ئەزمونی میسری‌و تونسیدا، ئەو مەسەلەیە بەڕوونی لەدوو ساڵی ڕابردودا دیارە.

**ستەمکارییەکی بەمیرات بۆ بەجێماو**

هەموومان چیرۆکەکە دەزانین کە(17)ی دیسەمبەری (2010)دا هاووڵاتییەکی تونسی کەتەمەنی لەخوار(30) ساڵانەوەبوو لەناوچەیەکی هەژارنشیندا، لیترێک کیرۆسینی بەخۆیدا کردو ئاگری لەجەستەی بەردا، وەکو نارەزاییەک بەرانبەر بەجەورو ستەمی ژنە پۆلیسێک کەستەمکارییەکی لەوالیەوە وەرگرتبوو ئەویش لەدەسەڵاتداری (قرتاج)ەوە وەریگرتوە، لەڕووداوێکی هاوشێوەدا کەسێکی تر کەناوی خالید محەمەد سەعید سوبحی قاسم بوو، کەبەخالید سەعید ناوبانگی دەرکردو تەمەنی (28) ساڵ بوو، لەشاری ئەسکەندەرییە، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەلایەن دوو پۆلیسەوە کوژرا کەدەسەڵاتی ستەمکارانەی خۆیان لەمەرجەعیەتێکەوە



وەرگرتبوو، کەپشتی بەیاساییەکی ستەمکارانە دەبەست کەپێیدەترا یاسای بارە نائاساییەکان، رژێمێکی ستەمکار بۆ ماوەی (30) ساڵ بەسەر گەلی میسردا سەپاندبووی، دەتوانین منداڵانی (دەرعا)ش بخەینە سەری کەدەستی ستەمی سەرچاوە گرتوو لەکۆشکی (موهاجرین)ەوە پێیان گەیشت کەلەشێوەی ئەفسەرێکدا بوو کەلەخۆباییانە رەفتاریکرد.

هەمووان محەمەدو خالیدو منداڵەکانیش هیچکامیان تەمەنیان نەگەیشتبووە(30) ساڵ، ئەوان هەموویان نوێنەرایەتی نەوەیەکی تەواویان دەکرد کەلەژێر ستەمی رەشدا بوون‌و لەبەرامبەردا ئەوانیش بەشێوازی خۆیان رووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام هێشتا پرسیارەکان هەر ماون ئاخۆ ئەوەی روویدا چەخماخەکە بوو و هۆکارگەلێکی قووڵتر لەهۆکارە رووکەشەکان لەئارادان؟ ئایا گەیشتینە ئەنجامە ویستراوە کەلابردنی ستەمە، یان ستەمەکە لەشێوازی تردا لەرژێمە تازەکاندا دروست دەبێتەوە؟

ئەگەر لەهەموو ئەو لێکەوتانەوە لابردنی ستەم‌و گۆڕینی بەسوکی سەیرکردن بەهاووڵاتیبوون‌و ستەمکاری بەدیموکراسی‌و نۆژەنکردنەوەی نارێکییە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلایەتییە بینراوەکان‌و بانگرتنی پشتگوێخراوانی کۆمەڵگەکانمان بۆ بەشداریکردن لەوێناکردنی ئایندەیانی لێ بەرهەم نەیەت، ئەوا لەسەنتەری بێ ئومێدیدا دەمێنینەوە، کەئەمڕۆکە شۆڕشی پەیوەندی‌و گەیاندنی بێ وێنە لەمێژووی مرۆڤدا لەلایەک و خراپبوونی رەوشی ئابوری لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزتری کردوە.

تائێستا هیچ کەسێک بەشێوەیەکی هۆشمەندانە لەشێوازو ئامرازی زانینی هۆکارەکانی بەئومێدی نەکۆڵیتەوە، کەلەم ساڵانەی دواییدا هاتە ئاراوەو بەسەر هاووڵاتی عەرەبیدا زاڵبووە، هەروەها شێوازو ئامرازی خۆپاراستن لێی لێکنەداوەتەوە، پێش رووداني مەترسیەکە، بۆیە دەگەڕێنیەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم بەهیوای رووناکی ئومێدین، بێ ئەوەی لەبیرمان بچێت کەئەگەری رووداني تاریکی لەئارادایە.

بەڵێ تاریکی...چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لەوڵاتانی بەهاری عەرەبیدا روودەدات، یان لانی کەم ئەو وڵاتانەی گۆڕانیای تێدا کراوە موژدەی خێر نادەن، لەکەناڵەکانی میدیای میسرییەوە گوێم لێبوو کەسانێک داوای سەر لەنوێ «دەستێوەردانی سوپا، یان دەکرد، بەڵام وای نابینم ئەو چارەسەربێت، هەروەها تەنانەت گوێمان لەدەنگانێک هەیە داوای گەڕانەوەی پیاوانی دوێنێ دەکەن، چونکە لانی کەم شتێکیان لەئاسایش فەراهەمکردبوو!»

## ناوەڕۆکی باسەکە

ناوەڕۆکی باسەکە ئەوەیە»کەمینەی رێکخراو» چووەتە سەر دەسەڵات، یان دەسەڵاتیان لە دەوڵەتدا گرتووەو حاڵی حازر مانۆڕدەکات بۆ ئەوەی یەکەم دەسەڵات لەدەستی خۆیدا بپارێزێت، تائەو کاتەی جێگیری دەکات، پاشان کۆمەڵگە ملکەچی پرۆژەکەی بکات، کەپرۆژەیەکە زۆربەی کاتەکان سەیری

ئاوێنەی ڕەنگدەرەوەی ئۆتۆمبێل دەکات، بێ ئەوەی سەیری مەترسییەکانی ڕێگاکەی بەردەمی بکات، دروشمێک بەرزدەکاتەوە کەتامێکی ئاینی هەیە کەئایدیۆلۆژیای جەماوەرە بێ بوونی تێڕوانینێکی ڕوون بۆ حکومەتێکی داناو سەردەمیانە. ئەمە ئەو ململانێییە کەلەچواردەورماندا ڕوودەدەن کەخەسڵەتە هەنووکەیەکەی» هێرشو کشانەوە»یە، بەڵام ڕواڵەتەکەی بریتییە لەسەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئامرازە کۆنەکانە لەدۆڕاندنی دەمەکانو نەهێشتنەوەی ڕووبەرە بۆ بەرامبەر لەهاوبەشیکردندا.

ئێستا ئاخۆ ئەم قۆناغە کاتییە یان هەمیشەییە؟ گرەوێکی تیۆری لەسەر ئەو بابەتە لەئارادایە، بەڵام پێموایە پێش هەڵهاتنی هەر شەفەقێک ڕەوشەکە بەرەو خراپتر دەڕوات.

(لەبەردەم ئەو بژاردە قورسانەی لەبەردەم دەسەڵاتدارە نوێیەکاندایە) ئەوانەی تازە لەوڵاتە عەرەبییەکان هاتوونەتە سەردەسەڵات، لەئاکامی «بەهاری عەرەبی» یان ئەوانەی بۆیان نوسراوە بچنە سەر دەسەڵات، لەبەردەم ئەو کێشە ئابوریو سیاسیانەدا کەسوپا مایەپوچی کردونو دۆشدادەمێنن لەبەردەم کورتهێنانی ئابوریو هەژاری سیاسی لەئەزموندا، بۆنمونە دەبینین ئەو گروپەی لەتونس چوونەتە سەر دەسەڵات لەبەردەم بەرکەوتەیەکی ئابوریدایە بێ ئەوەی بزانێت کام ڕێگا دەگرێتەبەر... ڕێگای ئەو ئایدۆلۆژیای لەمێژوویەکی خاوەن لۆجیکێکی شێواوە هاتووەو هەوڵدەدات بەسەر ئێستادا بیسەپێنێت، لەپێناو وەرگرتنی ئەو بابەتانەی لەگەڵ ئەرکە ئابورییە بەپەلەکاندا دەگونجێت.

**پشتێنەکانی کوێرەوەری**

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تێگەیشتنی ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی نوێ بەریەکدەکەوێت لەگەڵ پێداویستیە سەرەتاییەکانی کردنەوەی پشتێنەکانی کوێرەوری لەچوار دەوری ئەو شارە عەرەبیانەی لەسێ دەیەی ڕابردودا ژمارەی دانیشتوانەکانیان زیادیکردوە، وەکو زاوزێی قارچک لەزەوییەکی تەڕی بەپیتدا لەوڵاتانی «بەهار»، بەڵام لەراستییدا ئەو زیادکردنو زاوزێیە تەنها لەو وڵاتانەدا بوونیان نییە.

ئاواتە هەنگوینیەکان جێگەی نان لەرۆژێکی تاقەت پڕوکێن «بەهاری عەرەبی» ناگرێتەوەو ئەمڕۆ دەنگانێک هەن دەڵێن»جیهادی بچوک» کۆتایی پێهاتوەو با «جیهادی گەورە» دەستپێبکەین، بەڵام جیهادی گەورەتر تێڕوانینێکی ڕاستەقینەو واقیعی بۆ چارەسەرکردنی کێشە مرۆییە کەڵەکەبووەکان لەهەردوو بواری ئابوریو سیاسیدا لەخۆناگرێتو ڕەنگە بەئاڕاستەی پێچەوانەی ئەوەی بیری لێدەکرایەوە بڕواتو لەڕووی میللیەوە لەلایەن هێز گەلێک کەهەڵمەتەکەیان لەدژی ڕژێمە سەربازییەکان پێشووە.

لێرەوە یەکەمین قوربانی ئەو پێکدادانە لەنێوان ئەوەی لەسەر کاغەز دەوتراو دروشمەکان دەرخواردی جەماوەر دەدرا، کاتێک ئەم هێزانە لەریزی ئۆپۆزسیۆنە بوونو لەنێوان واقیعی ژیاندا قوربانی یەکەم بەبڕوای من ئازادییەکان بوون بەمانا فراوانەکەی، بۆیە هێزە نوێیەکانی سەردەسەڵات هیچیان لەبەردەمدا نییە، جگە لەتێرکردنی برسێتی جەماوەر بەشێوەیەکی کاتی، دروشمی تر کەزاڵ دەبن بەسەر دروشمەکانی مافی بێبەشان لەوەی ستەمکارەکانی پێشوو دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەڵام ئەم دروشمانە کورت مەودانو لەوانەیە دەسەڵاتدارە نوێیەکان پەنایان بۆ ببەن، لەپێناو مانەوە لەشوێنەکانی دەسەڵاتی باڵا کەبەرەبەرە ئازادییەکانی زەوتکردوەو گۆڕینی ئاڕاستەی بیرکردنەوەکان لەڕێی وروژاندنی غەریزە فاشیەکان لەدژی هاوبەش لەوڵات یان ئەوی تر لەدەرەوەی سنور لەوانەیە لەمەودای نزیکدا ئەو ستراتیژییە سەرکەوێت لەخەریککردنی خەڵکدا، چونکە هێشتا خەڵک داخ لەدڵە بەرامبەر بەرژێمە سەربازییەکانی پێشوو ببینێتەوە، نان بەرامبەر ئازادی، ئەمە بنوسە بۆئەوەی بڵێم ئێمە وەکو عەرەب ئەمڕۆ زۆر پێویستیمان بەکردنەوەی دەرگای گفتوگۆکردنە، گفتوگۆیەک پشتدەبەستێت بەهەوڵی گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێکی میحوەری کەبەم پرسیارە گرنگە دەستپێدەکات، چونکە ڕژێمە نوێیەکان هاوسەنگیی لەنێوان فەراهەمکردنی نانو پاراستنی کەرامەت لەیەک کاتدا دروستدەکەن؟ ئەم پرسیارە بەلای هەندێکەوە لاوەکییە، بەڵام پرسیارەکە پرسیاری عەرەبی سەدەی بیستو یەکەمە.. ئایا کەس هەیە وەڵام بداتەوە؟ (ئەمە ئەوەیە کەبەر لەساڵێکو دوو مانگ نوسیومەو هێشتا ڕەوشەکە وەکو خۆیەتیو بەگوێرەی پێشبینیەکانم بوو).